# خەڵاتی نۆبل بدەن بە تێکۆشەرانی باکور!

**یونس حەمەد رەشید**

خەڵاتی نۆبلی ئاشتی، لە کۆتایی هەمو ساڵێکدا لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج لە مەراسیمێکی شکۆدار و بە ئامادەبونی زۆربەی میدیا نێودەوڵەتیەکان، دەبەخشرێت بەو کەسایەتی و گروپ و رێکخراوانەی کە لە بواری ئاشتی و خزمەتکردنی مرۆڤایەتیدا خەبات و تێکۆشانیان کردوەو کردەوەکانیان بوەتە هۆی کۆتایی هێنان بە کێشەیەکی چەکداری یان بەدیهێنان و چەسپاندنی ئاشتی لە هەرکوێیەکی جیهان، هەندێ ساڵ تەنیا تاکە کەسێک یان تاکە رێکخراوێک خەڵاتەکە بەدەست دێنێت، لێ هەندێ ساڵ بە دو کەس یان سێ کەس یان چەند رێکخراو و گروپ و کۆمەڵەیەک بە هاوبەشی وەریدەگرن، هەڵبژاردنی پاڵێوراوان بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتەکە لەلایەن دەستەیەکی تایبەت و سەربەخۆ بە ناوی کۆمیتەی نۆبلی ئاشتی دەستنیشاندەکرێت، دیارە هەڵبژاردنی یەکێک لە کاندیدکراوان لەسەر ئاستی جیهان بۆ بردنەوەی خەڵاتەکە ، بێگومان کارێکی ئاسان نیە بۆ کۆمیتەی ناوبراو و دەبێت چەندین هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە و ڕەچاوی دەیان وردەکاری دی بکەن بۆ ئەوەی ئەو لایەنەی کە خەڵاتەکەی پێدەبەخەشرێت شایەنی وەرگرتنی بێت، بەڵام بەپێی هەمو ئەم خاڵانە ،واپێدەچێت کاری ئەم کۆمیتەیە لە دەستنیشانکردنی لایەنێک بۆ پێدانی ئەم خەڵاتە بۆ ساڵی دوهەزارو سێزدە زۆر ئاسان بێت و دەتوانن بێ دودڵی و هەڵوەستەکردن ڕویان بکەنە پرۆسەی ئاشتی لە باکوری کوردستان، بە تایبەتی دوای ڕاگەیاندنی پەیامەکەی سەرکردەی زیندانیکراو ئۆجەلان لە نەورۆزی ئەمساڵ

ئەم دەستپێشخەریەی پەکەکە یەکەم جار نیە لە مێژوی خەباتی ئەم بزوتنەوەیە بۆ ئاشتی،بەڵام بە وتەی زۆربەی چاودێرانی ناوخۆیی و دەرەکی ، پەیامەکە بە مێژویی و بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ وەسفکرا چونکە ئەمە لەکاتێکدایە کە نەتەوەی کورد بەگشتی لە هەمو پارچەکانی کوردستاندا لە ڕوی کەلتوری و سیاسیدا بە باشترین دۆخی خۆیدا تێپەڕدەبێت و پەکەکەش لەم چەند ساڵەی ڕابردو گەورەترین گورزی سەربازی لە سوپای تورک داوەو لە ڕۆژئاوای کوردستانیش توانیویەتی کۆنترۆڵی خۆی بسەپێنێت، بۆیە دانانی چەک لەم ساتەوەختەدا و لەگەڵ هەستانەوەو پشتگیری کردنی شەقامی کوردی بۆ ئەم هەنگاوە یەکلاکەرەوەیە ، زۆر بە ڕونی نیەتی پاک و ئاشتیخوازی کوردانی باکور بۆ چەسپاندنی ئاشتی لە ناوچەکە دەسەلمێنێت

لێرەدا ڕەنگە هەلبژاردنی پەکەکە و عەبدوڵلا ئۆجەلان بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبلی ئاشتی لە لایەن

کۆمیتەی نۆبل لە ئۆسلۆ،هەڵبژاردنێکی هەروا ئاسان نەبێت و ڕووبەڕوی چەندین ڕەخنە و ئاستەنگیان بکاتەوە بە بیانوی ئەوەی کە ئۆجەلان سەرکردەیەکی عەسکەریە و ڕێکخراوی پەکەکەش لەسەر لیستی تیرۆر دانراوە لەلایەن ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا، هەرچەندە وەسفکردنی پەکەکە بە تیرۆریست تەنیا بەهۆی بەرژەوەندیەکانی ڕۆژئاوایە لەگەڵ تورکیا، ئەگەرنا بە هەمو پێوەرێک خەباتی پەکەکە وەک ڕۆژی ڕون دیارە شەرعیترین و پیرۆزترین داکۆکیکردنە لە سادەترین مافەکانی نەتەوەیەکی بەشخوراو ، دژی تیرۆری دەوڵەتی تورک کە بە پشتیوانی ناتۆ و بەبەرچاوی ئەوروپا نوێترین تەکنەلۆجیای قورس و هێزی سەربازی بەرامبەر بە گەلێکی بێ پشت و پەنا بەکاردێنێت، بۆیە بەدڵنیایەوە کۆمیتەیەکی وا بچوک تەحەدایەکی لەمجۆرەی پێناکرێت و جورئەتی ئەوە ناکات پەکەکە یان ئۆجەلان بکاتە پاڵەوانی گۆڕەپانەکە

بەڵام وەک ئەڵتەرناتیڤێک بۆ پەکەکە و ئۆجەلان کۆمیتەی نۆبل بەبێ ئاستەنگی دەتوانێ باڵی سیاسی پەکەکە و خاتو لەیلا زانا، کە چەندین ساڵ لەتەمەنی خۆی لە زیندان بەسەربردوە تەنیا لە پێناو مافی قسەکردن بە زمانی کوردی و پارتی ئاشتی و دیموکراتی (بەدەپە) ،دەستنیشانبکات وەک شایستەترین کاندید بۆ ساڵی دوهەزاروسێزدە ، جگەلەوەی ناوی پارتەکە ئاشتی و دیموکراتیە بەڵام لەڕاستیشدا بەکردەوە پرۆسەی ئاشتیان بەرجەستەکرد بە خەباتێکی مەدەنیانە وبەبەکارهێنانی مێتودی ئاشتیانەی وەک مانگرتن و هەڵبژاردن و خۆپێشاندان

کۆمیتەی نۆبلی خەڵاتی ئاشتی هەمیشە بانگەشەی ئەوە دەکات کە دەزگایەکی سەربەخۆ و بێلایەنە و هەڵبژاردنی کاندیدەکان لەسەربنەمای شایستەیی هەڵدەبژێرێت، بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیانە و پاراستنی هەیبەتی دەزگاکە، ئەمساڵ ئەگەر ڕوداوێکی گەورەتر و گرنگتر لەوەی باکور سەرهەڵنەدات، کە ئەگەرێکی زۆر لاوازە ،ئەوا دەبێت لانی کەم کاندیدێک لە کوردانی باکور هەڵبژێرێت گریمان بەدەپەش بەهەر بیانوەک لە ئاستی وەرگرتنی خەڵاتەکە نەبێت وەک گروپ، خۆ لەیلا زانا هیچ شتێکی کەمتر نیە لە ژنە چالاکوانی یەمەنی تەوەکول کەرمان و شیرن عەبادی ئیرانی، ئەگەر زۆر زیاتر نەبێت، کە هەردوکیان بونەتە خاوەنی خەڵاتی نۆبل، دەمێنێت چاوەڕێی ڕاگەیاندنی کۆمیتەکە بکەین لە مانگی دەی ئەمساڵ ئاخۆ کاندیدێکی شایستەتر لە کوردانی باکور دەدۆزێتەوە؟